یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا..
**٢٥٠ دینارە**

**05** بیروڕا
**ئایا تورک نیشتیمانەکەی خۆیان خۆش دەوێ؟**



**07** وەرزش
**هەموو ئیتالیا بەتەمای (ئیتۆ)ن**



## جەژنتان پیرۆز بێت

به بۆنەی داهاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، ستافی زەنگ پیرۆزبایی گەرمی خۆی پێشکەش بە هەموو موسوڵمانانی جیهان و کوردستان دەکات و ئومێدی جەژنێکی پڕ شادی و خۆشیی دەخوازێت.
بەو بۆنەیەشەوە ئاگاداری خوێنەرانمان دەکەینەوە کە بە هۆی جەژنەوە ژمارەی داهاتووی هەفتەنامەی زەنگ دەرناچێت و دەبێتە پشوو.

# زەنگ

www.zengkurd.net

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

ساڵی چوارەم ژمارە (١٠٥) **دووشەممە** ١-١٢-٢٠٠٨ز بەرامبەر ١٠-٩-٢٧٠٨ ک

## عومەری شێخ موس بۆ زەنگ: زۆر گەشبینم بە چارەسەر

# تاڵەبانی و نەوشیروان لە چارەسەر نزیک بونەتەوە





**زەنگ-تایبەت:**

پەیوەندی و نزیکبوونەوەکانی نێوانی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە و بەگوێرەی سەرچاوەیەکی ئاگادار و نزیکی دانیشتنەکان، هەردولا لە چارەسەر نزیک بوونەتەوە و کێشەکان کۆتاییان پێ دێت.

عومەری شێخ موس کەسایەتی ناسراوی ناو یەکێتی و نێوەندکاری نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان بە (زەنگ)ی ڕاگەیاند کە گەشبینە بە چارسەری کێشەکان و وتیشی:"کارەکانی ئێمە ئەنجامی باشی هەبوە و ئومێدەوارم بەم زوانە گرفتەکان بگەنە چارەسەر".

ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە یەکێتی پێش ئەوەی بچێتە هەڵبژاردنە داهاتوەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراقەوە، ئەبێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و وتی:"ئەگەر گرفتە ناوخۆییەکانی چارە نەکات، ئەوا بێگومان زەرەر دەکات".

عومەری شێخ موس ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک لە سەر (ڕەگ) بکات و وتی:"لەبەر ئەوەی ئەندامی یەکێتیم، نامەوێت تەدەخول لەو کارەدا بکەم".

ئەو ئەندامە دامەزرێنەرەی یەکێتی کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی لە هەموو پۆستێکی ناو حزبەکەی هەڵگرتوە ڕایگەیاند کە ٩٠%ی بۆچوونی شەقامی کوردی هەڵەیە و لەو باوەڕەشدا نەبوو کە نەوشیروان مستەفا نەواتی حزبێکی سیاسی دانابێت.

**درێژەی ئەم گفتوگۆیە لەلاپەڕە ٤دا بڵاوکراوەتەوە**

# کۆسرەت رەسوڵ گڵۆپی سەوزی بۆ شەهرستانی هەڵکردوە

**زەنگ-تایبەت-قادر قەرەداغی:**

بە پێی چەند سەرچاوەیەکی تایبەتی (زەنگ) کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەو چارەسەر دەچن، لەو روەشەوە ئەم سەردانەی دوایی جێگری سەرۆکی هەرێم (کوسرەت رەسوڵ عەلی) بۆ بەغدا و بینینی وەزیری نەوتی عێراقی حوسین شەهرستانی گڵۆپی سەوزی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان واڵا کرد.

ئەو سەرچاوە تایبەتە کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە ئەوەشی ڕوون کردەوە کە تاڵەبانی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە بۆ ڕێگەخۆش کردن لە دانوستانی نێوان نێچیرڤان بارزانی و شەهرستانی لە هەولێر.

پشتیوان ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان هەواڵەکەی بەراست زانی و بە (زەنگ)ی وت:"ئەو لیژنانەی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان هەرێم و بەغدا لە کارەکانیان بەردەوامن و بۆ ئەو مەبەستەش وەزیری نەوت گەیشتە هەولێر بۆیە کێشەکان بەرەو کۆتایی دەچن و هەروەها گرفتی وارداتی گومرگەکانیش یەکلایی کراوەتەوە".

لەلایەکی ترەوە موعتەسەم ئەکبەر بریکاری وەزیری نەوتی عێراقی بە(زەنگ)ی ڕاگەیاند کە کۆبونەوەکانی وەزیری نەوت و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئیجابی بوە و بڕیار دراوە کە هەر کێڵگەیەکی نەوتی کوردستان کە توانای بەرهەمهێنانی هەبێت، ببەسترێتەوە بە بۆڕی جیهانییەوە.

**لەلاپەرە ٤ زانیاری زۆرتر بڵاوکراوەتەوە**

## تەنها (٢) پێشمەرگە سولفەکە ئەیگرێتەوە

# پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری کفری ڕەخنەیان لە هاوکارییەکەی مام جەلال هەیە

**زەنگ-کفری-حەیدەر ئەحمەد:**

ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرینی سنوری قەزای کفری ئیمزا کۆدەکەنەوە و داوا دەکەن کە مەرجی پێدانی سولفەی پێشمەرگایەتی کە لەلایەن مام جەلالەوە دەدرێت، سوک بکرێتەوە و لە (٥) ساڵەوە بکرێت بە (٢ یان ٣) ساڵ.

لە نووسراوێکدا کە بۆ (زەنگ)یان ناردوە و ناو و ئیمزای (٣٢) پێشمەرگەی دێرینی سنورەکەی هاوپێچ کراوە، داوایان کردوە کە مەرجی (٥) ساڵی لابدرێت بۆ ئەوەی زۆرترین پێشمەرگە لە سولفەکە سوودمەند بێت، "بەپێچەوانەوە ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بێت، ئەوا لەسنوری کفریدا تەنها (٢) پێشمەرگەی دێرین سوود لە سولفەکەی مام جەلال وەردەگرن".

شایانی باسە، دوو هەفتە لەمەوبەر بەبڕیاری مام جەلال هەر پێشمەرگەیەکی دێرینی یەکێتی خزمەتی (٥) ساڵی بێ دابڕانی شاخی هەبێت لە ساڵانی هەشتاکان و کاتی پرۆسەی ئەنفالدا، ئەوا سولفەیەکی بە بڕی (١٥) ملیۆن دینار پێ دەدرێت.

## دیالە

# جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی (ئیسناد) دەستگیر دەکرێت

**زەنگ-باقوبە-دلیر تەها:**

جێگری سەرۆکی هێزی (ئیسناد) لە دیالە لەلایەن هێزێکی تایبەتی فرەڕەگەزەوە دەستگیر کراوە و بەرەو شوێنێکی نادیار براوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە کەس سۆراخی نازانێت و هۆکاری دەستگیرکردنەکەشی ڕوون نییە.

ئیبراهیم حەسەن باجەڵان سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بە(زەنگ)ی وت:"دوای ئەوەی بە تۆمەتی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ چەکدارە توندڕەوەکان، قایمقامی قەزای خالص و باوکی دەستگیر کران، پاش ئەوە هێزێکی تایبەتی ئەمەریکاییەکان و سوپای عیراقی لە نیوە شەودا چونەتە سەر مالی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسناد لەپارێزگای دیالە و دەستگیریان کردوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە هۆکاری دەستگیرکردنەکە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە ئەو کەسانە مەرامی تێکدەرانەیان هەیە لە پارێزگای دیالە و داوای بوونی دەسەڵاتی میلیشیا ئەکەن.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە وتیشی:"خەڵکی ئەم ناوچەیە فێر بوون لەلای ئەمەریکییەکان شکات لە یەکتری ئەکەن و

ئێستا زیاد لە ٢٠٠٠ کەس سکالایان لە دەست تۆمار کراوە بە تۆمەتی ئاژاوە دروست کردن لەناوچەکەدا و بڕیاری دەستگیرکردنیش بۆ هەموویان دەرچوە".

**هەفتەی داهاتوو ٥٠ مامۆستا لە گەرمیان دادەمەزرێت**

# جێگری سەرۆکی حکومەت بەڵێنی دامەزراندن بەخوێندکارانی مانگرتووی پەیمانگای مامۆستایانی کەلار دەدات

**زەنگ-نووسینگەی کەلار-بڕیار محەمەد:**

پاش داواکاری و مانگرتنی بەردەوام، پەروەردەی گەرمیان ئاگادار دەکرێتەوە کە فەرمانی دامەزراندن بۆ ٥٠ مامۆستا دەرچوە لەو ژمارەیەش ٤٠ یان لە کەلارن و ١٠ یان لەکفریە.

پاش سەردانی نوێنەری خوێندکارانی مانگرتووی پەیمانگای مامۆستایانی کەلار بۆ لای عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت، دەرچوانی پەیمانگای مامۆستایانی کەلار بەڵێنی دامەزراندنیان پێدەدرێت.

لەو بارەوە دیار محەمەد نوێنەری خوێندکارە مانگرتووەکان بە(زەنگ)ی ڕاگەیاند جێگری سەرۆکی حکومەت بەڵێنی دامەزراندنی پێداون. وتیشی:"ئێستا (٢٥٥) مامۆستامان ماوە، بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی گەرمیانیش لەم ڕێژەیە زیاتری پێویستە کە هەمانە زیاتر لە (٥٠٠) مامۆستای پێویستە".

ئەو نوێنەرە کاتی دیاری نەکرد بۆ دامەزراندنیان و چۆنێتی جێ بەجێکردنی ئەو بەڵێنە، بۆیە وتی:"بەردەوامین لەسەر مانگرتن تا ئەو کاتەی فەرمانی دامەزراندنمان دەردەچێت".

جێگەی وەبیرهێنانەوەی سەردانیکردنی کردنی نوێنەری خوێندکارە مانگرتووەکان پاش ١٦ ڕۆژ لەمانگرتنیان دێت.

لای خۆشیەوە مستەفا ڕەشید بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی گەرمیان بە(زەنگ)ی ڕاگەیاند کە هەفتەی داهاتوو فەرمانی دامەزراندنی ٥٠ مامۆستا دەردەچێت کە ٤٠ یان لە کەلارن و ١٠ یان لەکفرین.

**سوپای عێراق ماڵە کوردەکانی قەرەتەپە دەردەکات ...ل ٣**

**ئافرەتان ناتوانن کاری ڕێکخراوەیی بکەن ... ل٦**

نووسینگەی سەرەکی: کفری-بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی | نرخی ٢٥٠ دینارە | لە چاپخانەی کەمال لە سلێمانی چاپ دەکرێت | کفری: (ئاسیا ) 07701465351 | کەلار: (ئاسیا) 07701551719